هاوپەیمانەتی پارتی چەپەوەکان سەرکردایەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی فەرەنسا دەکات بە زەرینەی دەنگ

میدیاکانی فەرەنسا ڕۆژی یەکشەممە ڕایانگەیاند، هاوپەیمانەتی پارتی چەپەوەکان "بەرەی گەلی نوێ" لە هەڵبژاردنەکانی فەرەنسادا لە پلەی یەکەمدا بوون، لە کاتێکدا هاوپەیمانەتی سەرکایەتی بە ڕێبەرایەتی سەرۆک ئیمانوێل ماکرۆن کە ناسراوە بە هاوپەیمانی "پێکەوە" پلەی دووەمی بەدەستهێناوە و لە باڵی ڕاست "ڕاڵی نیشتمانی" لە پلەی سێیەمدایە بەگوێرەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی بنکەکانی دەنگدان، لەکاتێکدا هیچ هاوپەیمانییەک زەرینەی کورسیی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستنەهێناوە.

تەلەی میدیایی BFM، بە ئاماژەدان بە داتای بنکەکانی دەنگدان لە فەرەنسا، ئەنجامە سەرەتاییەکانی دەنگدانی ڕاوکردەوە، بەگوێرەی ئەو ئەنجامە هاوپەیمانەتی پارتی چەپەوەکان "بەرەی گەلی نوێ"، ڕابەرایەتی ڕێزبەندی هەڵبژاردنەکان دەکات لە فەرەنسا بە بەدەستهێنانی پلەی یەکەم، کە لێنەوان 175 بە 205 کورسی پەرلەمانی فەڕەنسادایە، هەروەها هاوپەیمانەتی "پێکەوە"ی سەر بە ئیمانوێل ماکرۆن بە شێوەیەکی کاتی لە پلەی دووەمدایە و بە ئەگەری نەوان 150 بە 175 کورسی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت. بەگوێرەی کێناکە، لە پلەی سێیەمدا، پارتی ڕاستڕەوی نەتەوەیی بە سەرکایەتی لوپان لێنەوان 115 بە 150 کورسی پەرلەمانی بەدەست دەهێنێت.